# شەڕی ناوخۆ و عەنتەرەکانی حزب

نوری بێخالی

دیارە ڕەنگدانەوە نەرێنیەکانی شەری ناوخۆ بە تەنها لە سەر ئاستی سیاسی نێو خۆ و دەرەوەدا هەستیان پێناکریٚ، بەڵکو لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا کاریگەری یەکجار ناشیرین و ترسناکیان بەسەر کۆمەڵگا جێهێشتووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت شوێنەوارەکانی دەبینرێن و ناوە ناوە لێرە و لەویٚ دەردەکەون.
گومانی تێدانیە لە گەرم بوونی شەری براکوژی زیاتر لە هەر کەسێك بازاری بازرگانانی شەر و قاچاغچییانی خوێن و ئەوانە گەرم بوو، کە بە هەر ناو و ڕەنگ و بەرگێکەوە بوو، بوون بە دەخیل بە سەر ماڵی حزب، بەداخەوە حزبیش لە بەر بەرژەوەندی تەسك ئەو کەسانەی وەك جگەرگۆشە گرتەخۆ و لاواندنیەوە.. ئەو کەسانە جگە لەوەی ناویان لە کولەکەی تەر دانەبوو، هاوکات زۆربەشیان لە ئاستی مۆرالی و کۆمەڵایەتیدا، تا ئەو پەری کەسایەتی ریز پەر و بێزراو بوون، کەچی بۆ مەبەستی سیاسی و قەرەباڵغ کردنی سەنگەرەکان و چاوترساندنی نەیارەکانیان، لە لایەن حزبەکانەوە کرانە سوپەرمان و بەردرانە گیانی خەڵك.. ئەوانە نەك کەس نەدەوێرا و بۆی نەدەکرا پێیان بڵیٚ لە پشتی چاوتانەوە دوو برۆیە، بگرە لەوە زیاتر وەك منالی نازدار بچوکترین گرفتیان هاتبوایە پێش، دەزگا سەربازی و ئەمنی و هەواڵگرییەکانی حزب گەورەترین هەرایان لە سەر دەنانەوە. زۆر جاری وا دەبوو، کە لە سەر ئەو کەسانە لە ناو خودی یەك حزبدا و لە ژێر چەتری یەك دەسەڵات و ئیدارەدا گەورەترین کێشە و ململانیٚ دەکەوتە نێوان لێپرسراوان و دەزگا حزبی و حکومیەکان.. ئیٚ ئەو دەم بە لێکدانەوەی سەقەتی حزب و چاویلکەی تاریکی هەندیٚ بەرپرس و دەگا، ئەو عەنتەرانە لە کادێرێکی جەماوەری کارای حزب... لە پێشمەرگەیەکی دێرینی شۆرش .. لە فەرمانبەرێکی دڵسۆزی حکومەت بە سوود و پر بەخشش و جوامێرتر بوون، هەر ئەو کەسانەش بوون لە زۆر شوێنکات، کە پەروەردەیەکی میلیتارسیتی کوێرانە کرابوون و کەس لێی نەدە پرسینەوە، ببوونە جێگای متمانە، ئەو کائینە عەجیبانەی کە حزب گۆش و دەستەمۆ و کۆنترۆڵی کرد بوون، پیاوی رۆژی رەش و رووبەرووبوونەوەی قورس و سەنگەرەکانی پێشەوەی شەر و شەوە نوتەك و ئەنگوستە چاوەکان نەبوون، بەڵکو پیاویٚ بودەڵە و ترسنۆك.. هەلپەرست و بەرژەوەندخوازٚ.. کوری رۆژی روناك بوون، لە شەرەکاندا شێرە بەفرینە و زراو تۆقیو.. لە ناو بازار و پاڵەوانێتی شکاندنی کەرامەتی خەڵك و پێشلکردنی یاسا و لەکەدار کردنی پیاوانی یاسا و دەزگا مەدەنیەکان عەنتەر بوون.. ئەوانە بوون کەمترین زیان لێکەوتووی شەر و سودمەندترین و خاوەنی زۆرترین قازا نجی ماددی..
هەر لەوانیشەوە سوکایەتی پێکردنی یاسا و چاو شکاندنی فەرمانبەرە خزمەتگوزارەکانی حکومەت و دیاردەکانی گەندەڵی و زیادەرۆیی دەستی پێکرد، کە بەداخەوە لە زۆر حاڵەتدا و لە زۆر شوێنکاتدا زۆرێك (هەموویان نا) لە بەرپرس و دەزگا سەربازی و ئەمنی و هەواڵگرییەکانیان لە پشت بوون، چونکە بە بۆچوونی ئەوان کەس و دەزگایانە لە رێگەی ئەو جۆرە عەنتەرانە سەروەری حزب پارێزراو بوو و مایەی مسۆگەر کردنی متمانە و رەزامەندی سەرکردایەتیان بوون، کە دواتر لێکدانەوەی سەقەتی ئەوان و هاوکێشەکان تەواو پێچەوانە کەوتنەوە، بە جۆرێك خودی ئەو کەس و دەزگا و عەنتەرەکانیان سیمای حزبیان لە بەرچاوی خەڵك ناشیرینکرد و لە حزبەکانیان تورە و بێزار کردن، تەنانەت جاری وا هەبوو ئەندام و کادیری دڵسۆز.. کوری رۆژانی سەختی شۆرش بە هۆی رەفتار و گوفتاری ناشارستانی ئەو عەنتەرانە لە حزب تۆران.
سەیرە و جێگەی داخیشە، کە تا ئەم چرکەیەش، دوای ئەو هەموو گۆرانکاری و پێشوەچوونانە، پاش ئاشتبوونەوە و یەکگرتنەوەی ئیدارە.. سەرەرای هەموو چاوەروانیەکانی خەڵك، کەچی ئەم کەسانە لە زۆر جێگە و کاتدا بە هەمان ریتمی شەری ناوخۆ هەڵسوکەوت دەکەن.. بە میزاجی خۆیان و بەبیٚ ئەوەی تۆزقاڵێك حیساب بۆ یاسا و دەسەڵات بکەن، رۆژێك زیادەرۆیی دەکەنە سەر موڵك و زەوی و زاری حکومەت.. تاوێك بە چەکەوە هەڵدەکوتنە سەر دەزگایەك و سوکایەتی بە فەرمانبەرەکانی دەکەن.. جارێك یاسای هاتوچۆ دەشکێنن و پۆلیس تێر جنێو و پر شەق دەکەن.. ساتێك بۆ هەوای نەفس سەیران و گەشت لە خەڵك تێك دەدەن و بیٚ هۆ یەخەی کەسێك دەگرن لە نێو بازاردا.. یان سوکایەتی بە رۆژنامە نووسێك دەکەن و بیٚ باك هەرەشە لە کەناڵێکی راگەیاندن دەکەن..
هەموو ئەو دیاردانە ئەگەرچی رێژەییش بن، بەڵام رۆژانە لێرە و لەویٚ دەیانبینین و گویٚ بیستیان دەبین و دەیا نخوێنینەوە، بە رای من ئیدی ئەوە ئەرکی حزب و بەرپرسەکانیەتی.. ئەرکی ئۆرگان و دەزگاکانیەتی، کە سنورێك بۆ ئەو کەسانە دابنێن، چوون لە ساتەوەختێکدا، کە حزب پێویستی بە کەسێك بوو بە هوشیاریەکی کوێر گوللە بتەقێنیٚ و نەیارێکی چاوترسێن بکا، ئەوا لەم رۆژگار و لە سای ئەو هەلومەرجەشدا، خودی حزب و لێپرسراو و دەزگا و ئۆرگانە سەربازی و ئەمنی و هەواڵگریەکانی بەرپرسیارن لەوەی سنورێك لە بەردەم ئەو عەنتەر و فس فس پاڵەوانانە دابنێن، ئەوە حزب و دەسەڵاتەکەیەتی دەبیٚ ئەو کەسە سەرەرۆیە ناز هەڵگیراوە سندم بکات و پێی بڵیٚ ستۆپ، هاوکات لێی بپرسێتەوە و سزای بدا.. ئەگەر حزب ئەوە نەکات، پێموایە چەندیش بانگەشەی کرانەوە و

دیموكراسی و خزمەتگوزاری بكات، ناتوانیٚ وا بە ئاسانی شەقام لەگەلٚ خۆیدا ئاشت بكاتەوە و بیسەلمێنیٚ، كە خەمخۆری خەڵك و بەرقەراربوونی یاسا و دڵنیایی هاولاٚتیان و ئاسایشی سەر و ماڵیانە..

من دڵنیام لە كەمترین حاڵەتدا لوتكەی هەرەمی سەركردایەتی ئاگاداری هەموو ئەو دیاردانەیە، رەنگە لە خوارەوەی ئەو هەرەمە هێشتا كەس و بەرپرس هەبن، بە خۆ نەبان كردن و شاردنەوەی راستییەكان لە سەرۆی خۆیان و درێژە پێدانی پرۆژە پاوا نخوازی و بازرگانیەكانیان، دەیانەویٚ ئەو رەوشە وا بمێنێتەوە و ئەو عەنتەرانەش بەردەوام بن، چونكە زۆر جار هەست بەوە دەكریٚ ئەو ژمارە بەناو بەرپرسە لە رێگەی ئەو لاسارانە تەسفیەی حساب دەكەن.. مانەوەی ئەو رەوشە بەم جۆرە و بەردەوامبوونی ئەو پەتا ترسناك و دیاردەیە، نەك خزمەت بە پرۆسەی ئاشتی و گەراندنەوەی متمانەی نێوان دەسەڵات و خەڵك و پتەوكردنی پردی تەبایی نێوان كایەی سیاسی و جەماوەر ناكات، بگرە لە هەر هەشت زیاتر و پێش هەر كەس و كایە و لایەنێك زیان بە خودی حزب و سەروەری دەسەلاٚت و شكۆی یاسا دەگەیەنیٚ، هێندەی تر حزب و سەركردە و كادیر و ئۆرگانەكانی لە بەر چاوی خەڵكدا ناشیرین دەكات..

بۆیە پێویستە حزب لە رێگەی ئۆرگان و دامەزراوە و بەرپرس و كادیرە دڵسۆزەكانی و لە میانی پلانێكی تۆكمە و بەدواداچوونێكی وردا، میكانیزمی گونجاو بگرێتە بەر بۆ سنوردانان لەبەردەم ئەو عەنتەرانە و لێپرسینەوە و سزادانیان.. ئاخر لە تەك هەموو ئەو خەمانەی هاولاٚتی بۆ نان و ئاو و كارەبا و ژیان و خزمەتگوزاری و رۆتین هەیەتی، چیتر خەڵك ئامادەیی ئەوەی تێدا نیە لە پێناو چاوی ئەزموونی دیموكراتی بەرگەی رەزا قورسی ئەو عەنتەرانەش بگریٚ، كە تاویٚ بە ناوی كارمەندی فلاٚن دەزگا و كور و برا و خزمی فیسارە بەرپرس، رۆڵەی ئەو عەشیرەت و نەوەی ئەم خوا پێداو سوكایەتی بە یاسا و خەڵك و دامەزراوە حكومی و مەدەنیەكان دەكەن.. كورتترین رێگەش بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، لەوەوە دەست پێدەكات حزب خوێندنەوەیەكی بۆ ئەو پەندە هەبێت كە دەڵیٚ: "فێر نەكردوان فێر مەكە، كە فێریش كردن لە بیریان مەكە"، بۆیە چۆن پێویستە سەركردایەتی و دڵسۆزانی حزب كە دەسەلاٚتدارن، چارەی گونجاو بۆ زێدەرۆی و گەندەڵی بدۆزنەوە، ئاواش ئەركی هەنووكەیی سەرشانیانە، چارەی ئەو عەنتەرانە بكات و سنورێكیان بۆ دابنیٚ.